# (رجل الدوله) كانى كورد !؟

**ئاسۆعەبدوللەتيف**

ئەگەر ئايندەی شۆرش و مەرجی سەرکەوتنی هەر خەباتێک بريتی بێت لە کەسی جوامێرو گيانفيداو خاکی، ئەوا ئايندەی دەولەت وحکومەتيش بەندە بە بونی پياوی دەولەتيانەو ديبلۆماتکاری قسە قورس ومەبدەئی، پياوی دەولەتيانە بە مانای پياوی رۆحی نەتەوەو کەسی سازشنەکارو بالآبەرز، کەسی کاريزمی و دوربين ، نمونەی ئەو پياوانەی کە وەک چۆن لە سوچی زيندان وبەردەم پەتی سێدارەدا بالآبەرزن و قاچيان بەبەرزتر ئەزانن لە سەری سەرۆک و حاکم و حوکەمای کوێرو (طاغي) ئاواش بەگەشتنيان بۆ دەسەلات زولم و زۆريان بير ناچێتەوەو هەر خۆيان بە خاکی و بالابەرز ئەزانن بۆ داکۆکيکردن لە مافی نەتەوەکەی خۆيان، ئەم پياوانە دەکرێت ببنە پياوی دەولەتی و خاوەن جيهانبينی بۆ بينينی ئايندەی گەل و نەتەوەکەی خۆيان، وەک نمونەی گاندی و ماندێلاوئەبراهام لنکۆلن وتاد کە ئەمانەو چەندانی تر بوونە دروستکەری مێژووی نەتەوەکەی خۆيان و دروستکەری کيان و دەولەت و سکەی نيشتيمانی خۆيان و تا دەولەتەکانيشيان دەولەت بێت ئەوان هەر سومبولی نيشتيمانين و درەوشانەوەيەکی تايبەتيان هەيە و پەيکەرو کولتوريان وەکو يەک رێزی لێئەگيرێت.

بەلآم ئەی ئايا کورد پياوی دەولەتی واتە ( رجل الدولة) ی هەيە؟ يان ئەگەر هەيەتی کێن و کامانەن و ئەجێندای نيشتيمانی و نەتەوەييان کامەيە تا تاکی کوردی دلی پێخۆش بکا ؟ من نالێم و نەموتوە کورد قارەمان و شۆرشگێرو جوامێرو ئازای نييە، بگرە کێشەی کورد ئەوەيە کە بەشێکی سەرەکی کوڕە قارەمان و ئازاو دانسقەکانی نەمان و بونە قوربانی ديکتاتۆريەتی سەددام و شەری ناوخۆو بەشەکەی تريش کەماون ئەوەندەی پياوی حيزب و ئايدۆلۆژيان ئەوەندە پياوی دەولەتی نين ! ئەگەرچی پێش هەشتاسالێ لەمەوبەرو لەسەروبەندی پەيماننامەکانی سيڤەرو لۆزاندا پياوی دەولەتی وەکو شەريف پاشامان تيا هەلکەوتوە ئەی بۆچی تائێستا لە بەغدا نەمانتوانيوە وەکو پياوی دەولەتی رەفتار بکەين و ببينە دروستکەری تەئريخێکی تازەو ئەجێندايەکی نەگۆر؟

ئەوەندەی وەکو کاراکتەری يەکێتی و پارتی يان پارتی و يەکێتی ئيش ئەکەين ئەوەندە وەکو سياسيەکی کورديی خاوەن ستراتيج ئيش ناکەين و نەمانتوانيوە تائێستا نە ئەو فيگەرو فۆرمەی مەرجەعيەتی مەکتەب سياسی هەولێرو سلێمانی تێپەرێنين نە ئەو يادەوەريەی حزب کە کێشاويەتی لە مێشکماندا واز لێ بهێنين کە هەميشە فەزای حزبيمان بۆ ئەخولقێنێ لە باتی فەزای دەولەتيانە لە کاتێکدا کوردی هەر چوارپارچە چاوەروانی دەستکەوت و تەقينەوەی گەورەن لە ئێمە.

بۆيە سەير نيە کاتێ تالەبانی ئەبێتە سەرەک کۆماری عيراق، لەناو کوردا وەکو رەجولی دەولەت ناناسرێت ئەوەندەی وەکو سەرکردەيەکی حزبی پێناسەی بۆ ئەکرێت و حەساسيەت ئەخولقێنێتەوەو وێنەکانی هەرگيز ناشەکێتەوە بەدەستی رێکخستنێکی پارتيەوەو نيوەی کورد سەرچۆپيگێرو نيوەکەی تريش بێدەنگ، ئەم هاوکێشەيە ديارە پێچەوانەکەشی راستەو دەنگۆی بارزانيش بۆ سەرۆکی هەرێم ئەگەرچی هەلگری ماک و ماناکانی دەولەتی کورديەودەبێت وەکو پياوی دەولەت پێناسە بکرێت کەچی وادەر ناچێت وفەزای کۆمەلآيەتی وحيزبيانەی کورد ئەم دۆخە قبولێ ناکات، بۆيە دەبينيت کورد لە ئەنجامی نەبونی ئەو پياوە دەولەتيە ناحزبيانەدا کە هەموو کورد پێکەوە شانازييان پێوە بکەن چەند زيانێکی کوشندەی بەر ئەکەوێت کە ديارترينيان وونکردنی گوتاری دەولەتيانەی کوردە لە بەغداو بەرجەستەکردنی گوتاری حزبيانەی يەکێتی و پارتييە، ئەمەش وائەکات ئێمە جيهانبينی سياسی لەبەرانبەر ناوەنديێتی و سێنترالێ عەرەبيدا بدۆرێنين و ئەم هەرێمە کوردييەشمان بە نارۆشنی بمێنێتەوەو لەگەلێ ئيسلاميەکانی فەلوجەدا بلێين ( الخيرفيما وقع )